د- پارێزگاری كردن له بڕوانامەی شیكاری مادده خاوه سەرەتاییەكانی بەكارهاتوو له كارگەكەداو هەڵگرتنی بۆ ماوەی (٥) ساڵ .
ه - پێویسته بەڕێوەبەری هونەری كارگەكه و لێپرسراوی تاقیگه واژۆی ماددەی بەكارهاتوو بكەن له فایلی بەكارهاتووەكاندا به ڕیزبەندی هەریەكه لەسنوری تایبەتمەندیدا.
و-پێویسته لیستێك هەبێت بەناوی مادده سەرەكیەكانی پێكهێنەری بەرهەمەكان.

**ماددەی (٦):**

**لایەنی مۆڵەتپێدەر:** وەزارەتی تەندروستی لایەنی تایبەتمەنده به مۆلەتدان و تۆماركردنی كارگەكانی ئامادەكراوی ڕووەكی سروشتی پزیشكی و قوتووبەندكردنیان.
١- داواكاریەكانی مۆڵەتدان (طلبات الترخیص) دەبێت پێشكەش بكرێت لەلایەن خاوەنی پڕۆژەكه و بەرێوەبەری هونەری كارگه به ئیمزای خۆیان دەبێت .
٢- لەكاتی ڕەزامەندی سەرەتایی لەسەر داواكاری یاسایی له مۆلەتدانی كارگه ئەوا مۆڵەتی كارگه بەجێ دێت.
٣- ئەم داوا كاریانەش تەنها بۆ كارگه ڕێگه پێدراوەكان دەبێت.

**ماددەی (٧):**

مەرجی پێویست بۆ مۆڵەتی كردنەوەی شوێنی فرۆشتنی (ئامادەكراوی ڕووەكی سروشتی یاخود بەشێوەی ژەمی دەرمانی):
أ- بۆكردنەوی ئەم شوێنانه پێویسته داواكاریەك لەلایەن دەرچووی كۆلێژی دەرمانسازی (دەرمانسازێكی ڕێگەپێدراو) له لایەن سەندیكای دەرمانسازانی كوردستانەوه پێشكەش به وەزارەتی تەندروستی بكرێت به مەرجێك ئەو دەرمانسازه هیچ دامەزراوەیەكی تر وەك(دەرمانخانه ، كۆگا ، كۆمپانیا)ی به ناو نەبێت.
ب- ناوی شوێنەكه دەبێته شوێنی فرۆشتنی (ئامادەكراوی ڕووەكی سروشتی).
ت- ئەو دەرمانسازه بەرپرسیار دەبێت له كاروباری زانستی و كارگێڕی ئەو شوێنه دەبێت خۆی ئاماده دەبێت له كاتی كاركردنی ئەو شوێنه .

**ماددەی (٨):**

مەرجی پێویست بۆ مۆڵەتی كردنەوەی شوێنی فرۆشتنی(گژوگیای سروشتی).
أ- بۆ كردنەوەی ئەو شوێنانه پێویسته داواكاریەك پێشكەش به وەزارەتی تەندروستی بكرێت له ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیه گشتیه تەندروستیەكانی هەرێمی كوردستان.
ب- پێویسته داواكار بڕوانامەكەی یەكێك بێت لەمانەی خوارەوە:
١- بڕوانامەی كەمتر نەبێت له دەرچوانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و خولی تایبەتی بینی بێت له بواری گژوگیای سروشتی.
٢- داواكار بڕوانامەی تایبەتی هەبێت له بواری گژوگیای سروشتی له ناوەوه یان دەرەوەی هەرێمی كوردستان پەسەندكراو بێت له لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

**ماددەی (١٨):**

ڕێگە نادرێت لە شوێنەکانی فرۆشتنی گژوگیای سروشتی گیراوەی ڕووەکی ئامادە بکرێت یان دروست بکرێت و بفرۆشرێت.

**ماددەی (١٩):**

ڕێگە نادرێت لە شوێنەکانی فرۆشتنی گژو گیای کوردەواری (عەتارەکان) گیایەکان بە سیفەتی چارەسەری بفرۆشن.

**ماددەی(٢٠):**

هەموو جۆرە بانگەشەیەکی فرۆشتنی ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی و گژوگیای سروشتی بە ڕێگای social media ,) ڕادیۆو تەلەفزیۆن قەدەغەیە.

**ماددەی(٢١):**

هەموو ئەو بەرهەمانەی بەکاردێت بۆ (دابەزاندن وزیادکردنی کێش، جوانکاری ، لاوازی سێکسی...هتد) قەدەغەیە بفرۆشرێت لە شوێنەکانی (فرۆشتنی گژوگیای سروشتی)ی و لەپەیجەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەی ئۆنڵاین.

**ماددەی(٢٢):**

کردنەوەی خولی ڕاهێنانی ساڵانە بۆ خاوەن بڕوانامەی شوێنەکانی فرۆشتنی (ئامادەکراوی ڕووەکی سروشتی وگژوگیای سروشتی) لە لایەن کەسانی پسپۆڕی ئەم بوارانە دەبێت بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی( کۆلیژی دەرمانسازی) و وەزارەتی تەندروستی.

**ماددەی (٢٣):**

کار بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٩) ناکرێت وبە هەڵوەشێندراو هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٢٤):**

کار بە هیچ ڕێنماییەك نەکرێت کە هاو دژە لەگەڵ ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی (٢٥):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان).

**سامان بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**